کەربی:واشنتۆن پەیوەندیکی باشی لەگەڵ عێراقدا هەیە و پشتگیری لە سەروەری ئەو وڵاتە دەکات



ڕکخەری سیاسەتە ستراتیژییەکانی ئاسایشی نیشتمانی ئەمریکا رایگەیاند کە پەیوەندییەکی باشیان لەگەڵ عێراقدا هەیە پشتگیری لە سەروەری عێراق دەکەن.

جۆن کیربی ڕکخەری سیاسەتە ستراتیژییەکانی ئاسایشی نیشتمانی ئەمریکا لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەنووسیدا لە کۆشکی سپی وتی: "ئەمریکا پەیوەندییەکانی باشی لەگەڵ عێراقدا هەیە و پشتگیری لە سەروەری ئەو وڵاتە دەکەین".

ئاماژەی بەوەشدا کە "لە ئێستادا لەگەڵ عێراق لە گفتوگۆداین لەبارەی دۆخی سەربازی هێزە ئەمریکییەکان لە وڵاتەکە".
وتیشی: "هەرشەکانمان بە ئامانجی پشێلکردنی سەروەری عێراق نەبووە".